# نەوەی دوای ڕاپەڕین



سالار عوسمان

(٤-٤)

دڵنیام شکاندنی فۆرم و بەجێهێشتنی دروشمەکان و ڕووکردنە نێوەڕۆک و ئیشکردن لەسەر بەرهەم لە کۆمەڵگەیەکی وەکو ئێمەدا ڕۆیشتنە بە نێو دڕکەڵان و پەڕینەوەیە بەسەر ئاگردا، بەڵام کاری حکومەتی هاوچەرخ کە بیەوێ لە دنیا دانەبڕێ ئەوەیە کە بە نێو دڕکەڵاندا بڕوات و شەو ببڕێ!..

**دەسەڵات و نەوەی نوێ: دابڕان.. چارەسەر**

ئەو دابڕانەی لە نێوان نەوەی نوێ و دەسەڵاتدا هەیە، ئەگەر کەم بێ یا زۆر وای لەم نەوەیە کردووە هەست بە بوونی خۆی نەکات و خۆی بە بەشێک نەزانێ لەم دەسەڵاتە!.. نەوەی نوێ تووڕەیە و ڕەخنەگرانە قسە دەکات و تا دێش تووڕەییەکەی زۆرتر دەبێ، ئەم نەوەیە سەدان قسەی پێیە بۆ ڕەخنەگرتن لە دیمەنێکی ناشیرین وەلێ تاقەتی لە یەک گرێدانی دوو وشەی نییە لە بەرامبەر دیمەنێکی جواندا!..

ئەم هەستەی گەنج ئەگەر بەشێکی هەڵچوون بێ، خۆ ئەگەر بەشێکیشی بەدحاڵیبوون بێ، بەڵام هەستێکە هەیە و ڕاستە و دەکرێ بڵێین گەنجی ئەمڕۆی داپۆشیوە.. لێرە دەرفەتی ئەوە نییە قسە لە بارەی ئەو هەستەوە بکەم یا لە وردەکارییەکانی ئەو هەستە و لایەنە ڕاست و چەوتەکانی بدوێم، بۆیە دەمەوێ بڵێم ئەم هەستە هەستی گەنجی ئەم قۆناغەیە و دەبێ حکومەت بیخوێنێتەوە!.. ئەم خوێندنەوەیە بە چەند فەرمانبەرێکی مووچەخۆر ناکرێ، دیسان کاری هەندێ سەنتەر و بنکەش نییە کە لەڕاپرسییەکی (١٠٠) سەد کەسیدا و لە بازنەیەکی زۆر بەرتەسکدا کارەکانیان ئەنجامدەدەن، هەمدیس کاری وۆرک شۆپێکی سێ ڕۆژەی نێو هوتێلە ڕازاوەکانیش نییە، ئەم هەستە بە خیتابێکی گەرمیش دانامرکێتەوە!!.. بۆیە دەبێ حکومەت لە پشتەوەی کارەکانی خۆیدا، دوور لە مینبەر و دوورتر لە چاوی کامیراکان لیژنە و دەستە و ئەنجوومەنی ئەوتۆی هەبێ سەرلەبەری وڵاتی بۆ بخوێننەوە و دواتر بۆ چارەسەر پلانی بۆ دابڕێژن و دواتریش میکانیزمی گونجاوی پراکتیزەکردنی ئەو پلانە دەست و برد بیخەنە نێو واری جێبەجێکردنەوە، دوای ئەم قسانەش دەمەوێ بە کوڵێ خەمەوە ئەوە بڵێم کە حکومەت تا ئێستاش ئەم جۆرە دەستە و ئەنجوومەنانەی نییە کە کاریان تەنیا خوێندنەوە و توێژینەوە و پلاندانان و کارکردن بێ بۆ کایە و حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، هەر بۆیەشە ئێمە هەرگیز پێش ڕووداو نەکەوتووین و هەندێ کەڕەت دوای ڕووداویش بە ڕووداو ڕاناگەین!!..

زۆر درەنگە، وەلێ چ دەکەی، ئێستاش بکرێ هەر باشە،.. دەبێ حکومەتی کوردستان هەوڵ بدات گەنج بخوێنێتەوە:

خەمەکانی، تووڕەییەکانی، هەڵچوونەکانی، جنێوەکانی، نوکتەکانی، جۆری بیرکردنەوە و هەڵوێستەکانی، تەنانەت ستایلی جل و بەرگ و وێنە و ئاوازەکانی سەر مۆبایلەکەشی..!!... دوای ئەم خوێندنەوەیە حکومەت لە جۆر و چۆنییەتی بیرکردنەوەی بەشێکی هەرە زۆری کۆمەڵگەی کوردی تێدەگات کە (گەنج)ە!.. ئەو کات دەشێ وەڵامی هەندێ پرسیاری گرنگ چنگ کەوێ، ئەو کات حکومەت دەزانێ چۆن هەنگاو بنێ و بە چ تەرزە گوتارێکەوە لەگەڵ گەنج دیالۆگ بکات، بێگومان ئەو کاتەش گەنج خۆی لە نێو ئەو گوتارەدا دەبینێتەوە و هەست بە بوونی خۆی دەکات و گوتارەکە بەبەشێک لە خۆی و خۆیشی بە بەشێک لە گوتارەکە دەزانێ و ئاکام ئەم دابڕانەی ئێستا هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵات، نامێنێ!..